# حەمە هاشم و فەنابوونی فۆرم

ئومێد سەعید

هونەرمەند هەر لەگەڵ درک کردن بە ئازارە شاراوەکان، هەوڵی دا بە بارتەقای زامەکان فۆرمۆلەی جیاواز بۆ گوزارشت کردنیان و شی کردنەوەیان بخوڵقێنێ. بێ گومان زۆر سەرکەوتووش بوو، بە تایبەت هونەرمەندانی شێوەکاری کە دەستێکی باڵایان لە ترانسفۆرم کردنی ئاکارە غوبارەاوییەکانی هەبووە کە چاوی ئاسایی نایانبینێ، هەر لە هونەرمەندانی ڕۆمانسییەوە بگرە تا دەگاتە ڕەوتە هەنووکەییەکان، بەڵام بە پێی زەمەن و ژینگە گۆڕانکاری بەسەر مەتریالەکاندا هاتووە، بگرە کۆسێپتی کارەکانیش بەرەو ئاقارێکی جیا پەلی هاویشتووە، هونەرمەند جگە لە وەرگێڕان و دووبارە گێڕانەوەی زامەکان و حاڵەتە نائاساییەکە لە پاڵ ئەو شاکارە مەزنانەی دایهێناون، نابێ ئەوەش لە بیر بکەین ئازاری زۆری چەشتووە، هەر ئەو ڕاچڵەکانەش بووەتە هەوێنی کارە هونەرییەکانی، جا هەر هونەرمەندەو بە جۆرێک لە جۆرەکان فۆرم و ماتریالی جیاوازی بۆ دەربڕین بەکارهێناوە و هەر هونەرمەندێکیش خاوەن هزر و سەلیقەی خۆی بووە و هەوڵی داوە ڕووکاری ڕووداوە دەرەکی و ناوەکییەکان "دەروونییەکان" بپرژێنێتە سەر کانڤاس و بە زمانێکی جیا لە وشە گوزارشت لە شتەکان بکات، بۆ نموونە پەیام و ناواخنی شاکارە بە نێوبانگەکەی پابلۆ پیکاسۆ (جێرنیکا) جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ گۆزەی کۆکا کۆلاکەی هونەرمەندی بە ڕەچەڵەک چینی "ئیوێیوی" هەیە، هەردووکیان هونەرن، بەڵام لە زەمان و کاتی جیاواز و فۆرمی جیادا، زۆر جار هونەرمەند لەو گاپەی کە دەکەوێتە نێوان نەست، پەنجە ون دەبێ و ئەو ترانسفۆرمۆڵەکردنە لە سەنگی بابەتەکە کەم دەکاتەوە و گەلێک جار کاریگەری قووڵ لە زەینی



حەمە هاشم

بینەردا جێ ناهێڵێ، بەمەش لاسەنگ بوونێک لە نێوان ئۆبژێکت و سەبژێکت (بکەر و بابەت) دروست دەبێت و دەبێتە مایەی لە دەستدانی متمانە بە خۆبوون کە ئەو چەمکە لەلای هونەرمەندان گەورەترین فۆبیایە.. دووبارە فۆرمکردنەوە و تێکشکاندنی شێوەکان پێویستی بە زۆرترین هەوڵە، چونکە دووبارە ستراکتۆر کردنەوەی جۆرێک لە پابەندبوونی دەوێ بە هەندێک لە بنەما هونەری و فیکرییەکان و لە پاڵ ئەوەش تەکنیک ڕۆڵێکی کاریگەری هەیە، ئەگەر سەرنجێک لە کارەکانی حەمە هاشم بدرێ، ئەو ورووژان و ئەو بەربەرەکانێیە بە زەقی بە دی دەکرێ، هەرچەندە ئەو نەیویستووە، یان نەگەیشتووەتە ئەو یەقینە کە پڕ بە ویست و خواست، ئەو تینوێتییەی کە هەیەتی بۆ دووبارە ترانسفۆرم کردنی حاڵەتە نەخوازراوە پڕ لە داڕمان و تێکشکاوی فیگۆرەکان وەدی هاتبێ، بەڵام لە ڕێگای شێواندنی فۆرمەکان و دەور دانیان بە هێڵی ڕەش و وەشاندنی پەڵە هەڕەمەکییەکان بۆت دەردەکەوێ هونەرمەند لە ژێر چ تەوژمێکی پڕ لە گوڕاندایە لە چۆنیەتی تەوزیفکردنی بابەتە چەکەرەبووەکانی نێو زەینی، هەرچەندە ڕەنگ پانتایی زۆری لەو فەزایەی ئەو داپۆشیوە، بەڵام ناهاوسەنگ بوونێک لە ڕیتمی ڕەنگەکان وەدی دەکەی و بینەر دەخاتە نێو گێژاوێک کە هەنگاونان بۆ ناو ئەو فەزایەی ئەو خولقاندوویەتی سست دەبێ، هەڵبەت ئەو خەسڵەتەش مانای داڕمانی دەرگاکان نییە لە بینەر، چونکە بینین و تێکەڵ بوون لەگەڵ کاری هونەری لای کەسەکان جیاوازە، هەرچەندە هونەرمەند لە ڕێگای هەندێ پنتی ڕەنگی منداڵانەی پڕ لە بەرائەت هەوڵی ئەوەی داوە ئەو گێژەڵوکە دەروونییە هێور بکاتەوە و بهێڵێ تێرامان بۆ چەند ساتێک ئۆقرە بگرێ، بەڵام قووڵی پەرسپەکتیڤی بابەتەکە و تەڵخ بوونی مەودا لە نێوان بینەر و کرۆکی بابەتەکە درێژ دەکاتەوە و کۆڵنەدان لە کاتی ڕوانین قورس دەبێ، هەرچەندە من ئەو ڕۆچوونە بە خاڵێکی گرنگ لە هونەر دەزانم، چونکە خزانە نێو چەمکە داخراوەکان، ئەرکێکی ئاسان نییە هونەرمەند لە ئاکامی پەڕینەوە و تێپەڕبوونی لەو بەربەستانەی کە گوایە دەسکاری، یان ورووژاندنی هەندێک بابەتی هەستیار کاری هونەرمەند نییە و ناتوانێ بەرەنگاری ببێتەوە "بەڵێ منیش پێم وایە"، چونکە هونەرمەندانی زۆر هەن بە بێ هەبوونی باکگراوندی فیکری و ماتریالی نەشیاو و کات و شوێنی نەشیاو خۆیان خستووەتە نێو گێژاوێک کە بە هیچ شێوەیەک نەگەڕاوەتەوە، یان نەیزانیوە یەکەیەکی گرنگ لە هونەردا هەیە کە ناوی (تێکست)ە ؟!! بۆ تێگەیشتن لە تێکست پێویستە هونەرمەند جومگە فیکرییەکان پتەوتر بکات، بۆ تێگەیشتن لە کارەکانی حەمە هاشم پێویستە بیر لە سەرکێشییە دەروونییەکان بکەیتەوە، چونکە هونەرمەند دەروون و هەستی خۆی داوەتە دەست ڕەنگ و پانتاییە تاریکەکان دەوری داون، بە هێڵی سەرشێتانە و نە حەجماو لە هەر ئینجێکی تابلۆکانیدا برینێک وەدی دەکەی لەپاڵ هەر هێڵێک کۆمەڵێک خەونی ڕاکشاو لەژێر سێبەری ناوچە ڕووناکییە نائاساییەکان هەناسە بڕکێیانە، هونەرمەند زۆر ڕاستگۆیانە مامەڵە لەگەڵ ڕاچەنینە دەروونییەکاندا دەکا و هەر ئەو خەسڵەتە بەسە بۆ ئەوەی عەقڵ ئازاد بێ و تاکە ڕێگاشە بۆ داڵدەدانی هزر و دەروون لەو هەموو ئاکامە نەشیاوەی بەسەر دەروون و ناخی مرۆڤدا دێ.

**تێبینی:**

**داوای لێبوردن دەکەم ئەگەر هەندێک دەستەواژەی ئینگلیزی کوردیکراوم بەکارهێنابێ، چونکە بەرانبەرەکەیم بۆ نەدۆزرایەوە.**